# KURDISH DIASPORA

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.**

**سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.**


# تاراوگە TARAWGA


**10 Dec. 2018 No. [25]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


گەڕاندنەوەی زمانی کوردی بۆ ڕۆمانێکی تری یەشار کەمال

بەکر شوانی، ل1

کۆماری باشکوردستان...... دکتۆر جەبار قادر – ل 2

نیگایـــــەک بە ناو کتێبی"ئیمپراتۆریەتی نەرم" سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا

لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیروان مەحمود پۆلیس... ل 3

بۆچی خانمانی ٣٠ ساڵانی مۆدێرن لەهی جاران گەنجتر دیارن...؟..

وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: موزەفەر عەزیز .. ل 4

شێوەکار کاروان قادر کابان: ل8




KURDISH DIASPORA

تاراوگە
TARAWGA
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت
10 December 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 25
ساڵی یەکەم 10 دیسەمبەری 2018

# گەڕاندنەوەی زمانی کوردی بۆ ڕۆمانێکی تری یەشار کەمال




بەکر شوانی

کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ هاوڕێی هێژام کاک هەژار مەجید، دامەزرێنەری ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، داوای لێم کرد ڕۆمانی" سوڵتانی فیلەکان"ی یەشار کەمال وەربگێڕم و باسی ئەوەی کرد کە کاتی خۆی ئەو ڕۆمانەی بە زمانی فارسی خوێندووەتەوە و زۆر بە دڵی بووە. منیش کە هەر بەنیاز بووم دوای کتێبی "یەشار کەمال سەبارەت بە خۆی دەدوێت" بەرهەمێکی تری یەشار کەمال وەربگێڕم، بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی کاک هەژارم پەسەند کرد. دوای گەڕانەوەم بۆ ئەڵمانیا دەستم بە وەرگێڕان کرد و چەند لاپەڕەیەک چوومە پێشەوە، بەڵام ئیدی لەناکاو تووشی تراژیدیایەکی خێزانی بووم کە هەموو ژیانمی قڵپ کردەوە. لەم ڕۆژانەدا بینیم کاک هەژار لە پۆستێکدا مژگێنیی وەرگێڕان و چاپبوونی ڕۆمانی "سوڵتانی فیلەکان و مێرووە شەلەی ڕیشسوور"ی یەشار کەمالی ڕاگەیاندووە. دەبێت بڵێنم من لە چەند ڕوویەکەوە بەو هەواڵە خۆشحاڵ بووم؛

یەکەم: کاک هەژار هاتووە لە پەیجی خۆی ڕێکلامی بۆ کاری دەزگایەکی تر "غەزەلنووس" کردووە، کە ئەمە ئاکارێکە کۆمەڵگەی ئێمە بە ئەندازەی پێداویستیی مرۆڤ بە ئۆکسجین پێویستی پێیەتی. هاوڕێم کاک هەژار، مایەی شانازیت و نموونەت زۆر بێت...

دووەم: هێشتا ڕۆمانی جێگەی باسم بە کوردی نەبینیوە، بەڵام بەناوی وەرگێڕ و وەرگێڕانی ناوی ڕۆمانەکەدا، "سوڵتانی فیلەکان و مێرووە شەلەی ڕیشسوور"، دیارە کە دەبێت کارێکی نایاب بێت و لە ئاستی ئەدەبی یەشار کەمال دا بێت...

سێیەم: من لەبری "وەرگێڕان"، دەستەواژەی "گەڕاندنەوەی زمانی کوردی" بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی یەشار کەمال بەکار دەهێنم. بۆچی؟ بۆ وەڵام بڕوانە ئەو وتارەی لای خوارەوە کە ساڵی ٢٠١٥ نووسیومە و بڵاوم کردووەتەوە"! .

یەشار کەمال لە "سوڵتانی فیلەکان و مێرووە شەلەی ڕیشسوور"دا کتومت وێنای پەیوەندیی نێوان سیستەمی سیاسیی تورک و خەباتی گەلی کورد دەکات. نامەوێت لێرەدا بچمە قووڵایی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە یەشار کەمال جارێک بە خۆمی گوت: "ئەوانەی پێم دەڵێن هیچم بۆ دۆزی کورد نەکردووە، با بچن (سوڵتانی فیلەکان و مێرووە شەلەی ڕیشسوور) بخوێننەوە.




بڕوانە ل 6

داواکارین لە تێکڕای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندوەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

# کۆماری باشکوردستان...... دکتۆر جەبار قادر



بەر لە چەند ساڵێک برادەریکی کوردی ڕوسیا زۆر بە گەرمی باسی لە کۆمارێک بە نێوی باشکوردستان دەکرد، لە ڕوسیای فیدیراڵی. کەس لە ئێمە، ئەوانەی گوێمان لێدەگرت، شتێکی لەبارەوە نەبیستبوو. پێم سەیر بوو کۆمارێکی وا هەبێ و ئێمە ئەوەندە لێی بێ ئاگا بین، بە تایبەتی ئەوانەمان، کە ساڵانێکمان لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ڕوسیای دوای پیریسترۆیکا و گلاسنەست بەسەر بردووە. ئەو برادەرە، کە ناوەکەیم لە بیر کردووە، دەیگوت گوایە لەگەڵ هەندێ لە کەسانی شارەزای ئەو کۆمارە، قسەی کردووە و ئەوان پێیان گوتووە کە ناوی وڵاتەکەیان باشکوردستانە، بەڵام کراوە بە باشکۆرتۆستان. بە بۆچوونی ئەو برادەرە ئەوە دەبێت لە ژێر فشاری تورکیادا کرابێت. هەر ئەو کاتە هەندێ گەڕام بۆ زانیاری لەو بارەیەوە و لە یەک دوو کوردناسی دیاری ڕوسیام پرسی، وەڵامەکەیان ئەوە بوو، کە شتی وا نیە. ئەو ڕۆژانە گەڕان بەدوای زانیاریدا وەک ئێستا ئاسان نەبوو. مەسەلەکەم لەبیر کرد و گوتم وادیارە ئەمەش خەیاڵێکی خۆشی کوردانەیە. ساڵانێک بەسەر ئەو چیرۆکەدا تێپەڕی بێئەوەی شتێک لە بارەی باشکوردستانەوە ببیستین. لەمڕۆژانەدا ئەو برادەرەم لە ڕیپۆرتاژێکی ڕوسیدا بەرچاو کەوت. بەهەمان هەستی گەرمی کوردانەوە قسەی دەکرد و ئەم جارەیان بە ڕوسەکانی دەگوت " با دونیا بەس یارمەتی کورد بدات و ئیتر هەقێ نەبێ، بزانن ئەوان چۆن ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەموو ڕۆژهەڵات دەگێڕنەوە". دەرکەوتنی لە ناکاوی ئەو برادەرە باس وخواسی کۆماری لە بیرکراوی باشکوردستانی بیرهێنامەوە. لە ئەنجامی گەڕانێکی کەمدا ئەم زانیارییانەم لەلا کۆبووەوە. پێمخۆشە لێرەدا بیخەمە بەردیدی ئێوەی بەڕێزیش : کۆمارەکە ناوی" باشکۆرتۆستانە"، کۆمارێکی ئۆتۆنۆمییە لە ڕوسیای فیدیراڵی، دەکەوێتە ناوچەی ئۆراڵەوە، پایتەختەکەی شاری ئوفایە و بە ناوی گەلی بەشکیرەوە ناونراوە. بۆ یەکەمین جار لە نۆڤەمبەری 1917، واتا چەند ڕۆژێک دوای شۆڕشی ئوکتۆبەر، بە نێوی "دەڤەری ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی باشکوردستان" ڕاگەیاندرا. لێرەدا قسەی برادەرەکەمان دروستە، چونکە ناوەکە باشکوردستانە نەک باشکۆرتۆستان. نازانرێ ئەم ناوی باشکوردستانە لە کوێوە هاتووە و چۆن لەو کۆمارە ئۆتۆنۆمییە نراوە. ئایە لە پەلەپەلی بەلشەڤییەکاندا تێکەڵی و پێکەڵی دروست بووە لەگەڵ کوردستانی ئازەربایجاندا؟. ئەوەی ئازەربایجان قەزایەک بوو بە ناوی کوردستان، کە زۆر جار لە سەرچاوەکاندا بە کوردستانی سور ناوی دەبرێت. بەڵام ئەو لە قەوقازە و ئەم باشکوردستانە لە ئۆڕاڵ و ڤۆڵگایە. کوردستانی سور بەشێکی گرنگی دەڤەری نەگۆڕنە–قەرەباخە، کە ئەرمەن و ئازەری ساڵانێکی زۆر شەڕیان بوو لە سەری، ئێستاش کێشەکە هەر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. نەگۆڕنە – قەرەباخ لە ژێر دەستی ئەرمەنەکانە، هەرچەندە دەکەوێتە نێو خاکی ئازەربایجانەوە.






ئێستا کەس باسی کورد ناکات، وەکو ئەوەی هەر لەوێ نەبووبن. لە 20 مارتی 1919 لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەیەکدا لە نێوان دەسەڵاتی سۆڤیەتی و حکومەتی خۆجێی بەشکیریا ناوی باشکوردستان کرا بە کۆماری ئۆتۆنۆمی سۆڤیەتی سۆشیالیستی بەشکیریا. بەشکیریا بە یەکەمین دەڤەری جوگرافی ئۆتۆنۆمی لە نێو ڕوسیای فیدیراڵیدا دەژمێردرێت. لە 11 ئوکتۆبەری 1990 ناوی ئەو کۆمارە ئۆتۆنۆمییە سۆڤیەتییە گۆڕا و بوو بە باشکۆرتۆستان و لە 22 شوباتی 1992 بە کۆماری باشکۆرتۆستان. ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە چوار ملیۆنە. پانتایی جوگرافی باشکۆرتۆستان 142،947 کم. زمانی ڕەسمی بەشکیری و ڕوسییە. سەرۆکی کۆمار: ڕۆستەم خامیتۆف (دەتوانێ حامید یا حەمید بێت)، سەرۆک وەزیرانیشی ڕۆستەم مەردانۆفە. ئاڵا و مارشی نەتەوەیی خۆی هەیە. لە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکاندا، کە بە زمانی عەرەبی و فارسین، باشکۆرتۆستان بە باشگورد، باشگیردیا، باسکاردیا، باشگیرد و هەندێ ناوی تری لەم جۆرە نێوی هاتووە. مێژوونوسانی وەک فەزڵەڵا ڕەشیدەدین، ئەحمەد ئیبن فەزڵان، ئەلبەلخی و هەندێ گەڕیدە و نوسەری ئەوروپاییش باسیان لە وڵاتی بەشکیرەکان کردووە. لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە دەبێت بە بەشێک لە ڕوسیا. بەر لەوەش شەڕی زۆری لە دژی مەگۆلەکان کردووە. دانیشتوانی ئەم کۆمارە ئۆتۆنۆمییە لە ڕوس 36،1% ، بەشکیر 29،5%، تەتار 25،4%، چوڤاش 2،7%، ماریتس 2،6% و ئۆکراینی 1% لە گەڵ 2،7% دانیشتوانی دیکەی سەر بە نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون. لەو دەڤەرەی کە کۆماری باشکۆرتۆستانی تێدا هەڵکەوتووە نوێنەرانی زیاتر لە 120 نەتەوە و گروپی ئەتنیکی جیاواز دەژێن. باشکۆرتۆستان سروشتێکی جوان و دڵرفێنی هەیە و زۆر جار لە ڕوسیا بە سویسرای دووەم نێوی دەبەن و گەلێ گەشتیار ڕووی تێدەکەن، بەڵام گەشتیاریی لەوێ نەبووە بە پیشەسازییەکی پێشکەوتوو، بۆیە لە دەرەوەی ڕووسیا نێوبانگی نیە. 67% دانیشتوان باشکۆرتۆستان موسوڵمانی سوننە مەزهەبن و 22% کرستیانی پراڤەسلاڤیانن (ئەرتەدۆکسن)، زیاتر لە هەزار مزگەوت و 200 کلیسا لەو وڵاتە هەن. زمانی بەشکیری سەر بە گروپی زمانە تورکییەکانی ئۆڕاڵە و لە سێ دیالێکتی سەرەکی پێکهاتووە: دیالێکتی ڕۆژهەڵاتی، باکوری ڕۆژئاوایی و باشوری. زمانی بەشکیری لە ساڵی 1920 هاوتای زمانی ڕوسی زمانی دەوڵەتە لەم وڵاتە.

پێویستە لێرە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کە لە نێو دانیشتوانی ئەم کۆمارەدا بە هیچ شیوەیەک باس لە کورد نەکراوە. ئەوانەشی شارەزاییەکی کەمیان لە بارەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ڕوسیای ئەوڕۆوە هەیە دەزانن کە کوردەکانی ئەوێ لە ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، کازاخستان، تورکمەنستان، کیرگیزیا دەژیان. لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و پەرەسەندنی کێشە و ململانێی نەتەوەیی و باری سەختی ئابوری ژمارەیەکی زۆر لە کوردان ئەو وڵاتانە ڕوویان لە دەڤەر و شارە گەورەکانی ڕوسیا و ئۆکراینا کردووە. ئەوەمان نەبیستووە، کە کورد لەو دەڤەرانەی ڤۆڵگا و ئۆراڵ نیشتەجێ بووبێتن.

# نیگایـــــەك بە ناو كتێبی

# "ئیمپراتۆریەتی نەرم" سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ئەم كتێبە مستەفا محەمەد جاسم ئەلعوبەیدی بە زمانی عەرەبی نوسیوێتی و هاوڕێ و هاوكارمان كاك (سیروان مەحمود پۆلیس) وەریگێڕاوە و ساڵی ٢٠١٧ لە دوتوێی بەرگێكی ٣١٠ لاپەڕەییدا، ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر بڵاویكردۆتەوە.

وەرگێڕ لە پێشەكی وەرگێڕانەكەیدا، ئاماژەی بەوەداوە (هێزی نەرم) لەمڕۆدا، بابەتی گەرمی مشتومڕی ناوەندەكانی سیاسەت و سەنتەرە ستراتیژییەكانە و بە تایبەتیش ئەو وڵاتانەی، كە ئەمەریكا ڕۆڵ دەبینێت لە گۆڕانكاریەكانی، پاش ئەوەی بیرمەند (جۆزیف نای) لە ساڵی ١٩٩٠ دا باسی لەم هێزە كرد و لەسەردەمی (باراك ئۆبامادا) گەیشتە ناوەندی دەستەڵاتی بڕیار، ئیتر ئەم هێزە جێگیر بوو لە فەرهەنگی سیاسی ئەمەریكادا، بۆ پراكتیزەكردنی ئەم بیرە، ئەمەریكا خاوەنی توانا و ئامرازەكانی جێبەجێكردنیەتی، بەڵام لە هەمان كاتیشدا دەستبەرداری هێزی ڕەق نەبووە، كە لە زۆر شوێن و دۆخدا تەنها بژاردەیەتی بۆ مامەڵەكردنی لەگەل ڕووداوەكاندا.

بابەتەكانی ناو ئەم كتێبە جگە لە پێشەكی وەرگێڕ و توێژەر(نوسەری كتێبەكە) و بەشی بەرایی، بریتییە لە دوو باس باسی یەكەم چەمكە بنەڕەتیەكان و تێڕوانین و چەمكە نزیكەكانی هێزی نەرم، بابەتەكانی دوای ئەوە لە سێ بەش پێكهاتوون كە بریتیین لە:

بەشی یەكەم: هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا، كە ئەویش لە سێ باس پێكهاتووە؛

باسی یەكەم: سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكالە سەدەی بیستویەكەمدا.


باسی دووەم: وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا.

باسی سێیەم: بنەماكانی هێزی نەرم لە ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.

بەشی دووەم: سیاسەتی دەروەی ئەمەریكا لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كە ئەویش لە سێ باس پێك هاتووە:

باسی یەكەم: سێنترالیزمی عێراق لە ستراتیژی ئەمەریكا.

باسی دووەم: دەستپێشخەرییە چاكسازیەكانی ئەمەریكا.




باسی سێیەم: ڕۆڵی ئەمەریكا، لە ڕوداوەكانی گۆڕانكاری لە وڵاتە عەرەبیەكان.

بەشی سێیەم: تاقیكردنەوەكانی هێزی نەرم، ئەم بەشەش كراوە بە دوو باسی سەرەكییەوە:

باسی یەكەم: هێزی نەرمی ئەمەریكا و گۆڕانكاری لە میسر.

باسی دووەم: هێزی نەرم لە سیاسەتی ئەمەریكا لە هەمبەر ئێران.

كتێبەكە بە كۆتایی و ئەنجامگیرییەكان و سەرچاوەكان كۆتایی پێ دێت. لەم كتێبەدا پێناسەی هێزی نەرم بەوە دەكات، كە هێما بۆ كێش كردن و سەرسامی و بڕواپێهێنان دەكات، بۆ مەبەستی هاندانی ئەوانی تر تا كارەكان ئەنجام بدەن، لە ڕێگای بڕواپێهێنانەوە، نەك بەزۆرەملێ، ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا وەك ئەوەی (سامۆئێل هینگتۆن) باسی دەكات، دەوڵەتێكی خاوەنهێزی فرەڕەهەندە، كە جیایدەكاتەوە لە دەوڵەتەكانی دیكە، هێزی سەربازی و ئابوری یەكەمە لە جیهاندا، خاوەنی هەموو بنەماكانی هێزی نەرم و ئامرازەكانێتی و دەیانقۆزێتەوە و بەگەڕیاندەخات لە سیاسەتی دەرەوە، هەربۆیە بابەتی هێزی نەرم لە ئەمەریكا دەركەوت و بایەخێكی زۆری پێدەدرێت. ئەم توێژینەوەیەی لە دووتوێی ئەم كتێبەدایە تەرخانكراوە بۆ لێكۆڵینەوەی ئەم چەمكە، سەرەڕای ئەوەی (جۆزیف نای)، لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە،خستوویەتییەڕوو، بەڵام بایەخەكەی لەم ساڵانەی دواییدا سەریهەڵدا، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانكاریانەوە بوو،كە لەدەیەی سەدەی بیست ویەكدا بەسەر جیهاندا هات، هەر لەدەستپێكی ڕوداوەكانی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و (جەنگی دژ بە تیرۆر) و داگیركردنی ئەفغانستان و عێراق و كاریگەرییەكانی لەسەر ناوبانگ و پێگەی ئەمەریكا، تا قەیرانی ئابوری جیهان و ئینجا گەیشتنی (باراك ئۆباما) بۆ سەرۆكایەتی ئەمەریكا و بانگەشەی بۆ گۆڕانكاری بۆ مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نێودەوڵەتی نوێ، ئەمە لە كاتێكدا كە پیادەی بەرنامەیەكی جیاوازی كرد، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا بە گشتی و لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی. لە كۆتاییدا ماوەتەوە ئەوە بڵێین، كاك سیروان مەحمود وەك نوسەر و چاودێرێكی سیاسی ئاگادار لەم هەلومەرجەدا بابەتێكی هەستیارو گرنگی هەڵبژاردبوو، ئەگەر سیاسەتمەدارانی كورد بیانتوانبایە، بەوردیی بە هەموو چەمكەكانی ئەم بابەتەدا ڕۆبچوونایە و تەوەرە هەستیارەكانی ئیمپراتۆرێتی نەرم و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا، لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاڕادەیەك ئەزبەربكەن.

# بۆچی خانمانی ٣٠ ساڵانی مۆدێرن لەهی جاران گەنجتر دیارن...؟

لەرابردوودا خاتوونێکی ٣٠ ساڵیی بە ژنێکی گەورەوتەواو دادەنراو هەرواش دەهاتە بەرچاوان..! بە ئاسانیش دەتوانرا لەنێوان ئافرەتێکی ٢٠ساڵی و یەکێکی ١٠ساڵ گەورەتر جیاوازی بکرێت،بەڵام ئەمڕۆ گەرکەنیشکێکی گەنج بێت و پاسپۆرتەکەیت نیشان بدات و بڵێت کە"٣٠ ساڵانە"بەڕاستی تووشی شۆک دەبێت، کەچی ئەو کیژۆڵە سی ساڵییە ڕێک بەیەکێکی بیست ساڵان دەچێت. ئەمە بۆچی ئاوایە؟





زانایان ئەمەیان بەبەڵگەوە سەلماندووەو لێرەدا باسەکە بەئامادەکراوی دەخەینە بەردیدی بەڕێزتان. ناوەڕاستی تەمەن لە ٣٥ساڵیدا دەستپێدەکات.بۆیە گەر تۆ ٣٠ساڵ بیت ،ئەوا تۆ بەئاشکرا کەسێکی گەنجیت. بۆ ئەوەی نهێنی زیاتریش لەوبارەوە نیشان بدەین، ئەوا دەبێ پرسیاری ئەوە بکەین،بۆچی ژنانی مۆدێرن بەشێوەیەکیتر دیارن لەچاو ژنانی ڕابردوو؟ خانمانی ٣٠ساڵی ئەمڕۆ کاتێ گەشە دەکەن،پێشتر بەردەوام وایان دەبیست کە جوانی ئافرەتان لەتەمەنی سی ساڵیدا بەکۆتا دێت.ئەمەش بەواتای کۆتایی هاتنە بە دەمەتەقێ وبەخت یاری، کەچی ئەم وێنەیە ئێستا گۆڕانی بەسەرداهاتوە و ئەمڕۆ وا لێی تێ گەیشتوون، گەر کەسێک ببێتە سی ساڵ ،ئەوە راستە تەمەنێکی گەورەیە،بەڵام ئێمە ئەمە ناکەینە خەم و گوێ بەژمارە نادەین،بەڵکو ئەو هەستە لای خۆمان دروست دەکەین کە هێشتا لاوین و ئەوەش بەئەرێنی لەسەر ڕووخساردا رەنگدەداتەوە.

ئازادی لەهەڵبژاردندا...! جاران کاتێک کچێک دەبووە ٢٥ساڵ،ئیتر پۆشاکە تەنک وکورتەکان و ئەوانەی پێی سەیر بونایە بەلاوەی دەنا،چونکە وابیریدەکردەوە کە ئەو تازە گەورەبووە سەردەمی ئەم جلانەش بەسەرچوون،بەڵام نها ژنی سی ساڵان هێشتا جلی رەنگ کراوە دەپۆشن و پانتۆڵی دڕاو دەکەنەبەر،قژیان بەجۆرەها رەنگ بۆیەدەکەن و پێرسینگ و شتی لەوجۆرە بەخۆیانەوە دەکەن،هەرچییان بوێت و یارمەتییان بدات کە تازەو گەنج دەربکەون بەکاریدەهێنن.ئێستا خانمان بە شیوازێکیتر کەرەستەی ئارایشت بەکاردەهێنن نووسەری وتارەکە دەڵێت کاتێ ئێمە گەورە بووین ئەو هەموو جۆرە کەرەستەی جوانکاریی وئارایشتەی لەشێوەی قەڵەمی جۆراوجۆرو رەونەقدارکردن و ئەو هەموو جۆرە ماکیاژە نەبوو وسنووردار بوو ، بەڵام لەم ١٥ساڵەی دواییدا زۆر بەخراپی ئەم رەوشە گۆڕانی بەسەرداهاتووە،ئەو ژمارە زۆرە لەکەرەستەی ئارایشت ودانانی "مێگ-ئاپ"انە،ئەمڕۆ زۆر لەئافرەتان بەبێ هیچ هۆ و بۆنەیەک رۆژانە مێک ئاپ دەکەن و بەکاری دەهێنن،هەربۆیەشە ژنانی مۆدێرن سەرنجراکێشترو رووخۆشتردیارن. لەرەوشێکی ئابووری جێگیردان.! خاتونانی مۆدێرن زانیاری زۆریان لەبارەی جوانکاریی و خزمەتکردنی پێست هەیە، کەئەمەش بەباشە بۆیان گەڕاوەتەوەو کاریگەری لەسەر رووخساریان دروستکردووە،هەروەها لەوتەمەنەی تێیدان داهاتێکی جێگیریان هەیە و بازاڕەکانیش گەورەترین هەڵبژاردن و مادده پێشکەش دەکەن، لەهەموو شوێنێکیش ستۆدیۆی فێتنس کراوەتەوەو بڕوابەخۆبوونیش وای لە خانمان کردووە کە پارە لەخۆیان خەرج بکەن،ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژنان رابێن وەرزش بکەن وجوانی خۆیان بەپارە ڕابگرن.

جاران هەموو کەس تخونی ماکیاژ نەدەکەوت ئێستا هەموو هەتا ئەوانەی تەمەنیشیان بچووکە بەکاریدەهێنن وجۆرەها ماسک و مەساژبوونی هەیە،ئەمەو لەهەڵبژاردنی پۆشاکیشدا جاران بەوشێوە زۆرە نەبوو کەسێکی ٤٠ ساڵان هێندە لەبازار نەدەگەڕا بۆکڕینی جۆرەها جلوبەرگ، بەڵکو هەڵبژاردەکان کەمتر بوون.



موزەفەر عەزیز

هەروەها ستایلی ژیانیش کاریگەرییەکی زۆری لەوبارەوە هەیە،خانمان کاتی خۆی تەنها یەک ئامانجی خۆیان دەبینی:ئەویش خێزان بەیەکەوە نان بوو،زۆرکەم لە خانمان بەدوای خەون وئاوات و پیشە بوون،چونکە لەرابردوو ئافرەتان کەمتر هەلیان بۆ دەرەخسا، ئێستا لە سی ساڵیدا ئافرەت خوێندن تەواو دەکات و دەست دەداتە پیشەیەک و بەچەندین ئامانجی جیاواز لەجاران و بەباوەڕبەخۆبوونێکی زیاترەوەو کاریگەرتر دەردەکەوێت. ژنانی ئێستا لەتەندروستی خۆیان ئاگادارترن لەجاران،ئەویش بەهۆی جۆرەها دەرمان و پزیشکی هەمەجۆر وچەندین نەخۆشخانە بۆ هەر ئەگەرێک بەباشترین جارەسەریی وداوو دەرمان چارە دەکرێن. جاران لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شەرم بوو رای خۆت بەرامبەر بەکەسێکی لەخۆت گەورەتر دەربڕی ،بەڵام ئێستا ئەوە روون بۆتەوە کە مەرج نییە ئەوەی بەتەمەن بێت ئەوا زیاتر دەزانێت وزیرەکترە،ئەمەش وایکردوە کە رێزی زیاتر لەخودو ورای خۆت وەربگیرێت وریز لەلەش ولار بگرێت وخزمەتی زیاتری بکەیت، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەش هۆکارو پەرجووی جوانیەکەیانە. پێشتر نەدەزانرا کە ئاو چەند سوودبەخشە خەڵک تەنها چای دەخواردەوە،ئێستا ئەو کاریگەرییەیان بۆ دەرکەوتوە کە ئاوی پێویست چەند سوودی هەیە بۆسەر پێست و لەشولار. سەرەڕای هەموو ئەمانەش گەر دەتەوێت جیاوازییەکە باشتر ببینیت سەیری ئەم دوو وێنەیە بکە هی لای چەپ ژنێکی ساڵانی حەفتایە،کە" ئیرینا موراڤزۆیە" لەساڵی ١٩٧٩ لەکارێکی هونەریدا لەمۆسکۆ فرمێسک لەچاویدا لەخۆشیان قەتیس ماوە ئەودەم لەتەمەنی ٣٠ساڵیدایە،ئیجا ئاوڕێکیش لەوێنەی لای راست بدەوە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨و ڤێگا تەمەنی ٣٠ساڵە ئەویش "ئێمما ستۆنە." ماوەتەوە بڵێین هەموو تەمەنێک سودی خۆی هەیە، بۆیە پێویست ناکات، بەهەندی وەربگری و بیری لێبکەیتەوە و خەم بۆ ژمارەی تەمەنی سەر ناسنامەکەت بخۆیت، بەڵکو ئەوەمان پێ بڵێیت، کە ئاخۆ تەمەنەکەت چی سودێکی پێگەیاندوویت؟

لەبڵاوکراوەی ماریا زاڤۆلۆکینا لە بریت سیدە وەرگیراوە، بابەتەکە لەئینگلیزی کراوەتە ئەڵمانی.

# خۆشەویستی لە دورەوە. شێوەکانی ژیان لە سەردەمی جیهانگیریدا

## خوێندنەوەی : سەلاح حەسەن پاڵەوان





ڕەنگە ئەو ئاژاوانەی لە سەردەمی جیهانگیری لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ پێشبینی دەکرێت، تا رادەیەک زیادەڕۆیی بێت. ڕەنگە ئەو پەیوەندییە ئاساییانەی کە لە نێوان مرۆڤ لە باری سروشتیدا گرفتی تێدەکەوێ لە بارەکانی تردا باشتر بەڕێوە بچێت. قسەکردن لەسەر پەیوەندیی سۆزداری لەم سەردەمەدا بە بەرفراوانی لە میدیا و چاپەمەنییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، کتێبگەلێکی زۆر چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە. لەوانە "خۆشەویستی لە سەردەمی جیهانگیریدا نووسینی کۆمەڵێ نووسەر لەوانە مارک پادیلا، جینیفەر ئێس.." هەروەها کتێبی "ئاژاوە ئاساییەکانی خۆشەویستی لە نووسینی ئولڕیش بیک". ئەم کتێبەش کە ئێستە دەیخوێنینەوە یەکێکە لەو کتێبانەی باس لە یەکێ لە گرنگترین تێماکانی سەردەم دەکات ئەویش ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانستی و کۆمەڵایەتیە لە گۆڕانکارییە دەروونیی و هەستیەکانی مرۆڤ. هەروەها باس لە نارێکوپێکیەکانی خۆشەویستی لە سەرتاسەری دنیادا دەکات، واتە باس لەو هەموو پێوەندییە سۆزداریانە دەکات کە رۆژانە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت ڕوودەدەن ئەوانەی لە ئەنجامی کۆچکردن و ئاوارەبوون ڕوودەدەن. باس لە پێوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان ئەو مرۆڤانە دەکات کە سەر بە دوورترین دوو وڵاتی سەر زەوین و هاوسەرگیری دەکەن، یان کۆچبەران لە تاراوگەدا، دیارە لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی ئینتەرنێت بە نموونە دەهێنێتەوە. ئەم کتێبە شیکردنەوەیەکی دەروونیانە پێشکەش دەکات لەمەڕ ئەو شتەی کە پێی دەوترێت "خێزانی بەجیهانگیر بوو". ئەمەش مەبەست لەو پێوەندییە خۆشەویستییەیە کە دوو کەس لە ڕێگای شێوازەکانی ڕاگەیاندنەوە پێکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها ئەم کتێبە هەڵدەستێ بە باسکردنی جیاوازییەکانی دوو شێوە خێزان، خێزانی تەقلیدی و خێزانی بەجیهانگیربوو. وەک لە کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە ئەم شێوە خێزانانە لە ئەوروپادا پەرەیان سەندووە. هەروەها ئەم کتێبە باسی زۆربوونی جۆرەکانی هاوسەرگیری دەکات، جاران ئێمە یەک شێوە هاوسەرگیریمان دەناسی، کە بریتی بوو لە قۆناغەکانی یەکتربینین، نیشانەکردن، مارەبڕین و بەهاوسەربوون. بەڵام ئێستە شتێک پەیدابووە پێی دەگوترێ پێکەوەژیان لە دەرەوەی هاوسەرگیری، هاوسەرگیری کاتی، دۆست. پاشان لە دوو توێی باسەکاندا شتگەلێکمان بەرچاودەکەوێ بەناوی هێنان و هاوردنی خۆشەویستی، بەهۆی دیاردەی کۆچکردن و کڕینی دەستی کار ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ لەم کیشوەرەوە ڕوو دەکەنە ئەو کیشوەر، ئەمەش زەمینە دروست دەکات بۆ سەرهەڵدانی خۆشەویستی هاوردە. ڕێژەی ئەو ژنانەی وڵاتی خۆیان بەجێدێڵن و ڕوودەکەنە وڵاتانی تر بەمەبەستی کار، زۆر لە پیاو زیاترە. لە ماوەی سی ساڵدا ڕێژەی کۆچکردووانی ژن 12% بووە ئێستە ئەو ڕێژەیە گەیشتووەتە 70%، بۆیە لەم میانەدا نزیکبوونەوە و هاتن بە مەبەستی هاوسەرگیری و خۆشەویستی ڕوو دەدات، لێرەوە ڕووی خۆشەویستی دەگۆڕێ بۆ شمەک. بەکرێدانی منداڵدان، دوو پیاوی ئەڵمانی لە هیندستان منداڵدانی ژنێک بەکرێ دەگرن بۆ ئەوەی منداڵێکی تێدا دروست بکەن، بەمەش بەجیهانیبوون دەستێکی تر وەردەداتە نێو پێکهێنانی خێزان کاتێ منداڵ بە تۆوی دایک و باوکێکی ئەوروپی لە نێو منداڵدانێکی ئاسیاییدا دورست دەبێ. خێزانی تەقلیدی لە دایک و باوک و کوڕ و کچ و کەسوکار پێکدەهات و هەمیشە پێکەوە دەژیان، ئێستە ئەو حاڵەتە گۆڕاوە بۆ پێکەوەبوون لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی تردایە، کچ بە تەنیا و کوڕ بە تەنیا و دایک و باوک لە ڕووبەرێکی تردا دەژی. بۆیە ئەگەر بمانەوێ پێناسەی خێزانی بەجیهانبوو بکەین، دەتوانین بڵێین ئەو خێزانەیە کەهەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینی و کولتووری و ڕەگەزییەکانی خستووەتە لاوە و ئەوەندە ئەم شتانە لای ئەو گرنگ نین. دیاردەیەکی تری ئەم جۆرە خێزانانە ئەوەیە لە یەکترەوە دوورن بەڵام لە هەمان کاتدا نیزیکن، لە ڕێگای شێوەکانی چات و سکایب و فایبەر لە پەیوەندیدان. لە یەکنەگەیشتن و ناکۆکی و پێکەوەژیان سیمای دیاری خێزانی بەجیهانبووە، ئەم خێزانە سەر بە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو کولتوور و ئاین و ڕەنگی جیاوازن، بەڵام بەردەوام هەوڵ دەدەن لە یەک قاڵبدا بتوێنەوە. کاتێ ئەم دوو نەتەوەیە تێکەڵ دەبن، سەرەڕای خۆشحاڵیان لە زۆر بارەوە بەڵام لە زۆر باری دیکەش بە دەست ئازارگەلێکی زۆرەوە دەناڵێنن، بۆ نموونە کەسێ کۆچ دەکات و ڕوو دەکاتە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا سەرەڕای خۆشگوزەرانی بەڵام کۆمەڵێ بیرەوەری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەو بیرەوەریانە هەمیشە ئازاری دەدەن. دوورکەوتنەوە لە کەشوهەوای خانەوادەیی و لە دەستدانی بیرەوەری و هاوڕێکانی و داپچڕاندی لەو ڕووبەرە جوگرافییەی پێوەی بەستراوە لە هەمان کاتدا دووردەکەوێتەوە لە سروشتێ کە کارەکتەری بەو بەخشیوە. بابەتێکی تر کە ئەم کتێبە ئاماژەی بۆ دەکات، بریتیە لە تێکشکاندنی سیمبولەکان و کردنەوەیان. بابەتی تێکەڵبوونی کولتوورەکان لەم ساڵانەی دوایی بە زۆری لە ئەدەب و نووسینەکاندا باس دەکرێ بە تایبەت لەو وڵاتانەی بڕێکی زۆر کۆچبەر ڕووی تێ دەکەن. تێکەڵبوونی کولتوورەکان زیاتر بە بەمەبەستی یەکگرتنەوەی یاساکانە زیاتر تێکەڵبوونی مرۆڤەکان. هەر بۆیە هەندێ جار لە هاوسەرگیری بەجیهانیبووندا گوێمان لە گەڕانەوە دەبێت بۆ ڕابردوو، هەندێ نموونە دەخوێنینەوە لەسەر ئەو هاوسەرانەی بە هۆی تامەزرۆیی بۆ گەڕانەوەیان بۆ کولتوور و ئاینی خۆیان واز لە هاوسەرەکانیان دێنن و ڕوودەکەنەوە کولتووری خۆیان. هەندێکیان بە مەبەستی ئاینی لە یەکتری جیادەبنەوە و هەندێکی تریان بە مەبەستی کولتووری. هەر بۆیە مرۆڤەکان هەندێ جار وەک شێوە تەحەدا و سەرسەختییەک دەگەڕێن بە دوای هاوسەر لە جۆری خۆیان. ئیریش کاستنەر دەڵێ "لە نێوان سنوورە جوگرافیەکاندا خۆشەویستی دەمرێت". سەرەتا لە نێوان دراوسێکاندا خۆشەویستی دروست دەبوو، بەڵام ئێستە ئەو خۆشەویستیە دەچێتە نێو ئینتەرنێتەوە دوو وڵاتی زۆر دوور لە یەکتری بە یەکتر دەبەستێتەوە. زۆر لەوانەی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بەدوای خۆشەویستی دا دەگەڕێن تەمەنیان لە نێوان 30 تا چل ساڵە، ئەو کەسانە لە خەیاڵیاندا خۆشەویستی بونیاد دەنێن. بۆیە ئەوەی بونیادیان ناوە خۆشەویستی خەیاڵە. جەستە ناگاتە جەستە، بۆیە هەستە ڕۆمانسیەکان زۆر گەشە دەکات. بۆیە خۆشەویستی و مومارەسەی سێکسی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە شێوەیەکی ترە لە بەخەیاڵکردنی هاوسەرگیری و خۆشەویستی.لەم جۆرەدا چێژی بەریەککەوتن و یەکگرتنی جەستە لە ئارادا نییە، لێوەکان بەریەکتری ناکەون، دەستەکان پەنجەکانیان تێکەڵ نابێت. ئەوەی هەیە لە ڕێگای دەنگ و ڕوانین بۆ جەستەی یەکتری و دەربڕینی هەستەکان چێژ دروست دەبێ. ئەم جۆرە چێژانە خۆشەویستیەکی دوورخایەنن و زوو دەمرن. ئەو بابەتانەی تر کە لەم کتێبەدا دەیخوێنینەوە بریتیە لە قسەکردن لەسەر دەسەڵاتی نێر و مێ لەم هاوکێشەیەدا، ئافرەتی ڕۆژئاوایی لە وڵاتی خۆی دەسەڵاتی زیاترە بۆیە موتوربەبوونی لە کولتوورێک پێچەوانەی خۆی سەختە. هەروەها ئەم کتێبە باس لەو بوارانە دەکات کە بەجیهانیبوون بۆ مرۆڤی دەڕەخسێنێ و ئەو شتانەی کە بەجیهانیبوون لێی دەسەنێتەوە. سەرەڕای باسەکانی بەهای خێزان، لۆمەکردنی هەردوو کولتوور، کۆچکردنی هەستەکان لە سنورێکەوە بۆ سنورێکی تر.

سەرچاوە: الحب عن البعد أنما حياتيه فى عصر العولمه، اولريش بک، إليزابيت بک- غرنزهايم..

# گەڕاندنەوەی زمانی کوردی بۆ یەشار کەمال! (٢٠١٥)

بەکر شوانی



لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر گوتراوە دەربارەی ئەو نووسەرە کوردانەی کە هەریەکەیان لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت و گشتی، بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی نووسیویانە. نووسەری کوردی تورکینووس یەشار کەمال یەکێک لەو نووسەرانەیە کە لەو ڕووەوە زۆرترین قسەی لەسەر کراوە. تەنانەت لە دوای مردنیشی لە ٢٨ مانگی ڕابردوودا، لە هەندێک میدیای کوردیدا گوێم لێ دەبوو دەیانگوت: یەشار کەمال بە زمانی بێگانە نووسیوێتی و خزمەتی زمان و ئەدەبی تورکی کردووە... بەڵێ، ڕاستە یەشار کەمال نەک هەر تەنیا تورکینووس بوو، بەڵکو ئەو بە هێنانی وشە و دەستەواژەکانی دەرەوەی زمانی نووسین بۆ ناو زمانی نووسین ڕۆڵێکی دیاری لە پێشخستن و گەشەپێکردنی زمانی تورکیشدا هەبوو. تەنانەت زماناسێکی تورک بەناوی عەلی پویسکویلوئۆغڵو ساڵی ٢٠٠٦ فەرهەنگێکی بە ناونیشانی "فەرهەنگی یەشار کەمال" چاپ کرد. پێم وایە پێش ئەوەی لە پای بە تورکینووسین ڕەخنە لە یەشار کەمال بگیرێت، پێویستە دوو خاڵی جەوهەری لەبەرچاو بگیرێت :

یەکەم؛ نابێت لە بیرمان بچێت کە یەشار کەمال دوور لە کورد و کوردستان، لە تورکیا و لە ناو تورکاندا لە دایک بووە و گەورە بووە. خۆ تەنانەت ئەگەر لە شاری وانی زێدی باوباپیرانیشی لە دایک ببوایە، هیچ گەرەنتییەک نەبوو بۆ ئەوەی چاوەڕێ بکرێت نووسەرێکی کوردینووسی لێ دەربچێت، چونکە لە دایکبوون و منداڵیی یەشار کەمال هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسەتی قەدەغەکردنی زمان و بە تورککردنی کورداندا. بۆیە نووسەر کاتێک دەستی بە نووسین کردووە، تەنیا زمانی تورکی بەدەستەوە بووە کە ئەویش لەو سەردەمەدا لە کەموکورتی بەدەر نەبووە. با بزانین خۆی لە بارەی هەردوو زمانی کوردی و تورکییەوە چی دەڵێت: "کاری گرنگ بۆ من، بریتی بوو لە ئافراندنی زمانێکی نوێی نووسین، زمانی ڕۆمان، دابەزین بۆ قوڵایی زمان، تاقیکردنەوەی هەموو تواناکانی گێڕانەوە، دۆزینەوەی جیاوازیی نوێ لە زماندا و خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی نوێی زمان. کرۆکی کارەکە پێویستی بە ئافراندنی زمان هەبوو. پێویست بوو دنیای ڕۆمان و دنیای تایبەت بە خۆم بەشێوەیەکی تەواو نوێ و بە کەسایەتییەوە بئافرێنم و لەگەڵ ئەوەیشدا زمانێکی نوێی نووسین دابهێنم. زمانی کوردی خاوەن پێکهاتەیەکی زۆر جیاوازە و هیچ لە پێکهاتەی زمانی تورکی ناچێت. لە ڕۆمانەکانمدا هەندێک جار چەند ڕستەیەکی کوردیم لە دیالۆگدا بەکارهێناوە. ئێستا کوردی بە ئەندازەی تورکی نازانم. ئێ خۆ من لە کەنارەکانی گۆلی وانی زێدی دایک و باوکم و لە دامێنی چیای ئاگری لە دایک نەبووم و نەژیاوم... بۆ ئەوەی مرۆڤ بکەوێتە ژێر باندۆری زمانێکی دیاریکراوەوە، پێویستە بێ دابڕان لەگەڵ ئەو زمانەدا بژی. منیش وەک پێویست لەگەڵ زمانی کوردیدا نەژیاوم نووسیبوونی، لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی "ئەمە بانگەوازێکە" بە چاپ گەیاند"... .

دووەم؛ یەشار کەمال کاتێک بە تورکی نووسیوێتی، بەمەبەستی ئەوە نەبووە نکۆڵی لە ڕەچەڵەکی خۆی و زمان و کولتووری باوباپیرانی بکات. بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ئەو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تورکینووسینی وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی برین و تراژیدیاکانی گەلی کورد و چەوساوەکانی تورکیا بەکارهێناوە. بۆن و بەرامەی کوردی و کوردەواری لە بەشی زۆری ڕۆمان و چیرۆک و ڕیپۆرتاژ و گوتارەکانی یەشار کەمالدا هەیە.

نوسەر بەدرێژایی شەڕی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیش بێدەنگ نەبووە و هەمیشە دەنگێکی بەرزی ئاشتیخواز و داکۆکیکار لە مافەکانی گەلی کورد بووە.

لەو پێناوەدا چەندین جار دادگایی کراوە و ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەتەوە. نووسەر ٣ ساڵ لەمەوبەر سەرجەم ئەو وتار و دیمانانەی کە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بە پرسی کورد نووسیبوونی، لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی "ئەمە بانگەوازێکە" بە چاپ گەیاند. پۆستێکی شاعیر و نووسەر ناسری حوسامی لە فەیسبووک دەربارەی ئەو کوردانەی کە یەشار کەمالیان پێ زیادە، بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوو، بۆیە بەشێکی لێرەدا دادەنێم. حوسامی دەنووسێت: (ئێرانییەکان کتێبی نزیکەی هەزار نووسەریان لە ١٢٠٠ ساڵ لەوەپێشەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، بەوەشەوە کەسیان پێ زیادی نییە و نووسەری کتێبە عەرەبییەکانی "طب" و قانون" و سەدان کتێبی عەرەبیی دیکە بە هی خۆیان دەزانن. تورکەکان "مێڤلانا جێلالەتتین"ی کە ناوەکەشی بە تەواوی نازانن و لە یەک دێڕ شیعری ناگەن، بە هی خۆیان دەزانن. ئێمەی هەژاری بێ کتێبی بێ نووسەری بێ دەوڵەت کە کۆنترین کتێبمان هی سێسەد ساڵ لەوەپێشە و خۆمان پێ کۆنترین و دەوڵەمەندترین نەتەوەی جیهانە، یاشار کەماڵمان لێ زیادە و هێشتا نەنێژراوە حاشای لێدەکەین..). وەک لە چەند شوێنێکی تریش ئاماژەم پێ کردووە، یەشار کەمال ساڵی ٢٠١٢ هەموو کتێبەکانی خۆی دا بە من و داوای لێم کرد کارێکی وەها بکەم هەموو بەرهەمەکانی بکرێن بە کوردی. ئەو داوا و ئاواتەی یەشار کەمال کە ئیدی بۆ من بووە بە وەسێت و دەبێت کار بۆ بەدیهێنانی بکەم، لە هەستێکی قوڵی خۆ بەکوردبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو جارێک باسی لە ژمارەی ئەو زمانانە دەکرد کە ڕۆمانەکانی ئەویان پێ وەرگێڕدراوە و دەیگوت: "با هەموو بەرهەمەکانم بە زمانی کوردیش هەبن." دیارە وەرگێڕانی سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەر بە یەک وەرگێڕ ئەنجام نادرێت، بەڵکو پێویست بە پێکهێنانی تیمێکی وەرگێڕ دەکات بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکان لە تورکی و زمانەکانی ترەوە و منیش دەتوانم لای خۆمەوە سەرپەرشتی پرۆژەکە بکەم. بێگومان ئەم کارە پێویستی بە بودجەیەک دەبێت بۆ پاداشتی وەرگێڕەکان و چاپکردنی کتێبەکان و هیوام وایە کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکانی کوردستان هاوکارمان بن. یەشار کەمال تۆوی گوڵێکی کەناری گۆمی وان بوو. ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر بای چارەنووس و نەهامەتیی کوردان ئەو تۆوەی گەیاندە سەر تاشەبەردەکانی گوندی هەمیتەی تورکماننشینی ناوچەی ئەدەنە و دوای ٨ ساڵ لەوێ چرۆی کرد. کاتێک چاوی هەڵهێنا، لە ماڵەوە هەموو شتێک بە کوردی بوو؛ ئاخاوتن و کولتوور و پەروەردە. لە دەرەوەیش هەموو شتێک بە تورکی بوو. بۆیە زمانی نووسینی ئەویش بە تورکی پژا. بەڵام ئێمە دەتوانین بە وەرگێڕانی سەرجەم کارە بە کوردی نەکراوەکانی نووسەر بۆ زمانی کوردی، زمانی کوردی و گیانی کوردستانیبوون بۆ یەشار کەمال بگەڕێنینەوە!

# چەند هەواڵ و چالاکیەکی کورد لە تاراوگـــــە

## لە هۆڵەندا.. کچە کوردێك کاندیدە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا



شەم ئەحمەد کچە گەنجێکی کوردە، لە لایەن پارتی کاری هۆڵەندییەوە (PVDA)،پاڵێوراوە، وەک ئەندامێکی گەنجی کارای پارتەکەیان، ببێتە نوێنەری پارتی کار لە پەرلەمانی ئەوروپا. شەم خەڵکی شاری سلێمانییە و بە ژمارە (13) پاڵێوراوی پارتی کاری هۆڵەندییە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا،هەرچەندە گەنجترین پاڵێوراوی حزبەکەیەتی و تەمەنی تەنها 22 ساڵانە. شەم لە دایکبووی ساڵی 1996 سلێمانی و لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لە هۆڵەندا دەژی، سەرکەوتوانە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هۆڵەندا بڕیووە، پاشان کۆلێژی یاسای نێودەوڵەتی هەڵبژاردووە، تا بەردەوامی بەخوێندن بدات، ئەمساڵیش لەمانگی 7 دا کۆلێژی یاسای نیودەوڵەتی (القانون الدولی) بەسەرکەوتووی تەواوکردوە و خوێندکاری ماستەریشە، لەبری ماستەرێک، دوو ماستەر دەخوێنێت، یەکەمیان سەبارەت بە قوربانییانە و دووهەمیشیان دەربارەی یاسای نێودەوڵەتییە. شەم لە تەمەنی 15 ساڵییەوە تێکەڵی سیاسیەت بووەو بۆتە ئەندامی پارتی کاری هۆڵەندی (PVDA) ، پاشان بووە بە سەرۆکی گەنجەکانی PVDA لەهەرێمی نۆرد برابانت، لەدوایدا بووە بە سەرۆکی خوێندکارانی کۆلێژی یاسای نێودەوڵەتی لە هۆڵەندا، ئەمە جگە لەوەی ماوەیەک دەستەی سکرتاریەت بووە، لە شارەوانی هاوسدن لە هۆڵەندا.

هیوای سەرکەوتن بۆ شەن دەخوازین.

## WAAR STA IK ......? من لە کوێدام.......؟




دوێنێ ڕێکەوتی 9 مانگی دیسمبەری ئەمساڵ لە شاری ئارنهێم لە هۆڵی شانویی Huis van puck لەلایەن دەزگای هونەری ooit ەوە، بۆ یەکەمجار نمایشی دۆکومێنتاری و شانۆیی (من لە کوێدام) پێشکەش کرا، لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەکرەم سلێمان)، بە بەشداری کۆمەڵێ ئەکتەری فرەنەتەوە،کە هەر یەکە بە چیرۆک و ئەزمونی ژیانی خۆیان، وەک ئەکتەر بەشداری نمایشەکەیان کرد، بینەریش لەکاتی نمایشەکەدا ڕاستەوخۆ ڕۆڵی گرنگی خۆیان بینی....ئەم کارە هونەرییە باسی کێشەی پەناهەندەی کۆن و نوێکان دەکات، لەناو کۆمەڵگەی هۆڵەندیدا، کە لەناو دوو کلتوری جیاوازدا چۆن ژیان دەبەنەسەر و هەمیشە ترس و بێ ئومێدیان لە داهاتووی ژیاني خۆیان بۆ دروست دەبێت.....پرسیاری زۆر بۆخۆیان دروست دەکەن ....زۆرجاریش شوناسی خۆیان ناناسنەوە و هەمیشە وا هەست دەکەن، کە لە لێوار و پەراوێزی کۆمەڵگای هۆڵەندیدا دەژین، نەک لە ناو کۆمەڵگەکەدا... !!! ژیان بۆ کەسێکی پەناهەندە بەردەوام بازنەیەکی داخراوە .. ئەم کارە هونەرییە شێوازێکی (Dou Theater discussie) هەیە، واتە تێکەڵکردنی فلم و دیمەنی شانۆیی، بەگفتوگۆکردن لەگەڵ بینەردا.

## پیشانگەی هونەرمەندانی شێوەکاری کورد لە لەندەن




ڕۆژی شەممە ریکەوتی 08/12/2018 کات 10 بەیانی بۆ 9 ی شەو پیشانگەی هونەرمەندانی شیوەکارانی کورد لە لەندەن لەم ئەدرێسەی خوارەوە کرایەوە:

Stoke Newington Library Gallery, Church street, London, N16 0JS

کۆمەڵیک لە هونەرمەندانی کورد، ئەم پیشانگەییەیان لە لەندەن کردۆتەوە، لە 40% فرۆشی کارەکان بۆ پاڵپشتی و کۆمەکردنە، بۆ لیقەوماوانی جەنگ لە کوردستان.

لە (مەریوان جەلال)ەوە

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



# کاروان قادر کابان

هونەرمەندی شێوەکار، کاروان قادر کابان لەساڵی 1968 لەشاری سلێمانی، لە خانەوادەیەکی هونەری ناسراو لەدایکبووە.

لە باوک و مامەکانیەوە، لە بواری هونەری گۆرانی و ئاوازدا ناسراون، بەڵام کاروان ڕێبازێکی دیکەی هونەری گرتووە، ئەویش هونەری شێوەکارییە و بەردەوامی و خواستی بۆ هونەرەکەی وای کردووە بگاتە ئاستێکی بەرزی هونەری لەم بوارەدا و خاوەنی چەندین پێشانگای تایبەتییە و زیاتر لە 100 پێشانگای هاوبەشیشدا بەشداریکردووە. هونەرمەند کاروان قادر کابان وەک خۆی دەڵێ: "کارە هونەرییەکانی تایبەتن بە سروشت و خانوو گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی، سروشت کەرەستەی سەرەکی کارەکانێتی و هاوڕێی هەمیشەییەتی، ئەو پێی وایە پێویستە هونەرمەندان کار لەسەر سروشت بکەن و بەهاوڕێی خۆیانی بزانن، چونکە سروشت زۆرترین و جوانترین ڕەنگی تێدایە، ئەوەی لەدەرەوە هەیە جوانی سروشتە وەک بەردو دارو شاخ و ئاو". بەردەوامی و خواستی بۆ هونەرەکەی وای کردووە بگاتە ئاستێکی باشی هونەری، لە نیگایەک بەناو کارەکانیدا، بینەر یەکسەر هەست دەکات بەرهەماکانی سیمای تایبەت بە خۆی هەیە و یەکسەر لە بینینی تابلۆیەکدام هەست دەکەیت ئەم کارە مۆرکی کاروان قادر کابانی پێوە دیارە.

ئەم زانیاریانە لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/karwan.qaderkaban/photos_albums










تــاراوگــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807